هزر



# کانییە مۆمیاکراوەکانی نەرسیس

## دەربارەی زانست و سەلەفییەت لە دنیای ئیسلامدا

هاوار محەمەد

ژنەفتن
JINEFTIN.KRD
jineftin.krd

هزر

ماڵپەڕی ژنەفتن ٢٠٢١

jineftin.krd

١. ماوەیەکی کورت بەر لەوەی کەشتیی ئاسمانی پێرسەفێرەنسی ئەمریکی لەسەر هەسارەی مەریخ بنیشێتەوە، گالیسکەی "الأمل"ـی وڵاتی ئیمارات بەرەوی هەمان هەسارە هەڵدرا. ئامانجی گەشتی گالیسکە عەرەبییەکە، وەك گەشتەکانی تر، *گوایە* کۆمەڵێك ئامانجی زانستین. گۆرانیی فەرمیی پرۆژەکە هونەرمەندی ناسراوی عێراقی کازم ساهیر چڕی و شیعرەکەیشی محەمەد بنراشد ئال-مەکتومی سەرۆکی ئیمارات نووسیویەتی. هۆنراوەکە سادەیە و تاڕادەیەك لە نەوەیەکی عەرەبیی شیعری "تەیارە"ی فایەق بێکەس دەچێت. بێکەس لە شیعرەکەیدا زانستی وەك بەرهەمی ئەوانی بێگانە و ڕۆژئاوایی وەسف کردووە کە هەر خۆیشیان ناویان لێناوە؛ لە شیعرەکەی ئال-مەکتومدا بەرهەمەکە تا ئەندازەیەك ئاشنایە، شتێك لەو دیوە سەیروسەمەرەی ون کردووە کە دەشێت میللەتێکی نامۆ بە زانست تووشی سەرسوڕمان بکات، لە بری ئەمە ستایشەکە دراوەتە پاڵ خودی نەتەوەی عەرەبی کە بە ئاستێك گەیشتووە بتوانێت بەرەو مەریخ بڕوات؛ وەك بڵێی دەستیان بە مەحاڵێك گەیشتووە کە سەنگ و پێگەی عەرەب لە جیهاندا دەگۆڕێت.

لە شیعری کوردیی کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستدا، پێگەی زانست ستایش کراوە و میللەت زۆر هان دراوە چرای زانست دژ بە دواکەوتوویی هەڵبگرن، بەڵام ئەم ستایشە تەنانەت نەبۆتە ژێستیش، پتر ڕیابازییەکی زمانەوانی بووە کە هەرگیز نەگەیشتە شوێنێك ڕوخساری تاریکایی تیغ بکات. هۆکاری ئەمە، لە لایەك ئەوەیە کە لە سەدەی ڕابردوودا منەوەرانی کورد خۆیان تەنیا دەستیان بە ڕووناکیی شیعر گەیشتووە کە بۆ ڕۆشنکردنەوەی هەموو شتێك، لەوانەیش زانست، بەرزی بکەنەوە. پرۆژەی ڕۆشنگەریی کوردی تاکڕەهەند و کاڵوکرچ لەنێو شیعردا دەرکەوتووە و نەبۆتە پرۆژەیەکی هەمەلایەن، بۆیە هیچ ناوەڕۆکێکی زانستی بۆ زانستی مۆدێرن خۆی لە ئارادا نەبووە؛ شیعر تاکە زمانی گەشەکردووی ئێمە بوو کە بشێت لە غیابی زانستدا ببێتە جێگرەوەی و قسە لەسەر ئەو شۆکەیش بکات کە لەو سەردەمەدا کۆمەڵگە پێش-مۆدێرنەکانی وەك ئێمە لە بەرکەوتنیاندا بە جیهانی نوێ هەستیان پێ دەکرد. لە لایەکی تر، گەر لەسەر ئەوە کۆك بین کە شیعر کەوشەن و یاسای دیاریکراوی نییە و پتر لە زمانەوە پانتایی ئازادیی فراوان دەکات، واتە بە شکاندنی یاساکانی دووبارەبوونەوە پەشۆکان لە خودی نەزمی زماندا دروست دەکات و دەرفەتی دەرە-ئاسۆ و پێشبینینەکراوەکان دەرەخسێنێت، ئەوا دەبینین لە ڕۆژئاوا ئەم مانایەی شیعر دەکەوێتە

بەرامبەر گوتاری زانستیی پۆزەتیڤیزمەوە کە دەیویست ژیانی کۆمەڵایەتی میکانیکییانە دابڕێژێتەوە. ئەمە بەو مانایەیە کە شیعر خۆی لەوە دوور گرتووە ببێت بە "شیعری زانستی"؛ نەیویستووە بە ڕێسا باس لە ناوەڕۆکێکی زانستی بکات، دەنا خۆیشی وەك شیعر هەڵدەوەشێنێتەوە. بە پێچەوانەیشەوە، لە ئێپستیمەی کۆتاییەکی سەدەی بیست و بەراییەکانی سەدەی بیست و یەکدا کە دەکرێت بە *ئێپستیمەی ڤێرتوێل* ناوی ببەین، دنیای مەجازی بە کاریگەریی هەندێ لایەنی تیۆری ڕێژەیی و سەرهەڵدانی تیۆری دیکەی وەك فیزیای کوانتەم و فرەگەردوونی و تیۆری کایۆس لە زانستدا بە تەواوی گەشەی کرد، بەم جۆرە زانست دەربارەی جیهانە گەورەکەمان کۆك و گونجاو لەگەڵ مەجازیبوونەوەی جیهانە بچووکەکەماندا کەمێك خۆی مەجازی/شیعری کردەوە. ئەم بەشیعربوونەی زانست قسەی زانستە لەسەر خۆی بە زمانی شیعری وەختێك هاوکێشەی بیرکاری دەرەقەتی خستنەڕووی ئەوە نایەت کە کەشف کراوە؛ ئەوەی زانست بینیویەتی جیهانێکە زیاتر لە شیعرەوە نزیکە تاوەکو لە فاکتی ڕووت، زیاتر ڤێرتوێلییە تاوەکو واقیعی. ئەمەیش جیاوازە لەو دۆخە پێش-زانستییەی وا لای ئێمە هەبووە کە قسەی شیعر بووە بە زمانی شیعری لەسەر زانست. ئەی کەواتە ئەم ستایشە بێ بەرهەمەی زانست لە شیعری ئێمەدا لە کوێوە هاتووە؟ وەڵامەکەی سادەیە: ئەوەی شاعیرانی ئێمە وەك زانست لێکیانداوەتەوە، لە ڕاستیدا تەکنۆلۆژیایە؛ تەکنۆلۆژیا وەك بەکەرەستەبوونەوەی زانست لە دوایین دەرەنجامە عەمەلییەکانی خۆیدا، وەك شتێك کە دەکرێت ببینرێت و بە کار بهێنرێت. لێرەوە هەر تێگەیشتنێك لە زانست لە ستایشی تەکنۆلۆژیادا ماوەتەوە و هەرگیز نەگۆڕاوە بۆ فزوولیەکی مەعریفی و نەبووە بە پاڵنەری کەشفکردنی زانست. بۆ ڕۆژئاوا، ***هابەرماس*** دروست بۆی چووە کە لای وایە زانستی نوێ تەنیا بۆ ئەوە هەیە تەکنۆلۆژیزە ببێت، بەڵام بۆ کۆمەڵگەیەکی وەك ئێمە لەو سەردەمەدا کەشفکردنی پشتی تەکنۆلۆژیا بەهادارتر دەبوو، چونکە نەك تەنیا لە ڕووی بازاڕ و تەکنیکەوە بەڵکو لە ئاستی کولتووریدا پێویستیمان بە زانست بوو، واتە لەوێدا کە زانست دەیتوانی بەشدار بێت لە ململانێیەکی ڕیشەییدا دژ بە عەقڵی ئایینی و خورافی کە دەمێکە زانست لە ڕۆژئاوا بە سەرکەوتوویی لێی هاتۆتە دەرەوە. بە کورتی شیعر وەك کەرەستەی ئێمە بۆ ئەزموونکردنی جیهان لە زماندا، پتر سەرسوڕمان بووە بەرامبەر بە تەکنۆلۆژیا نەك خودی زانست؛ خاڵی دەستپێکی ئەم تەکنۆلۆژیایە لە شیعرەکەی بێکەسدا "شتی ڕووت"ـە، واتە مادەی خام، ڕەق و تەق و بێ شێوە: "شتێکی بێڕۆح و گیان": دواتر فۆرمی پێدەدرێت: "دوو باڵی پێوەیە، جوان"؛ سیحر و

سەرسوڕمانەکە ئەوەیە کە ئەم شتە بێگیان و ڕووتە دەتوانێت بفڕێت؛ بەو مانایەی فڕین کە لە ڕووی زانستییەوە کۆمەڵێك ڕەگەز ڕۆڵی تێدا دەگێڕن، لەوانە هەوا و یاسای ڕاکێشان هاوسەنگی، بە تەواوەتی فەرامۆش کراون و تەنیا ئامێرەکە لە کاتی کارکردندا لەبەرچاو گیراوە. بە گشتی شیعرەکە تەنیا لە وەسفێکی دەرەکیی فۆرمی بەرهەمە زانستییەکەدا گیرساوەتەوە.

٢. لە مێژووی زەینی عەرەبیدا لایەنیکەم سێ جۆری فڕین هەن کە هەرچەندە داهێنراوی تەکنیکی نەبوون، بەڵام دەکرا بەشداریی لە بەرەوپێشبردنی کولتووریدا بکەن ئەگەر بێتوو فیکر و هونەر وەك پێویست لەو زەینەدا ڕێزیان لێ بنرایە: یەکێکیان ئایینییە (بۆراق)، ئەوی تریان ئەدەبییە (فەرشەکەی سندباد) و سێیەمیان هەوڵێکی ناسەرکەوتووی زانستییە (عەباسی کوڕی فیرناس). بۆراق ئەو باڵدارە خوداییەیە کە محەمەدی پێغەمبەر گەشتە ئاسمانییەکەی خۆی پێ دەکات. وێناکردنی گیانەوەرێکی دووڕەگ لە شێوەی ئەسپدا بە دوو باڵەوە کە بە خێراییەکی بروسکەئاسا دەڕوات، هەر لە پێشترەوە لە میزۆپۆتامیا لە شێوەی گای باڵداردا وێنا کرابوو و لە کولتوورە ئاینییەکانی دیکەیشدا هەبووە، لەوانە لە میسر و ئەفسانەکانی یۆناندا کە پڕن لە وێنای بوونەوەری لێکدراوی وەك مرۆڤ و ئەسپ، ئەسپ و هەڵۆ و بزن و مرۆڤ. بەڵام بۆراق لە شارستانێتی ئیسلامیدا، هەرگیز نابێتە ئوبێکتێکی هونەری کە لە نیگارکێشان و پەیکەرتاشیدا دەربکەوێتەوە، وەك ئەوەی لە شارستانێتییەکانی تردا دەیبینین. لە ئەدەبیاتدا گۆڕانێك ڕوودەدات: لە چیرۆکەکانی هەزار و یەك شەوەدا ئەوەی دەفڕێت چیتر بوونەوەرێکی نادیاریی خەیاڵی نییە، بەڵکو فەرشێکی مەلموسی جادوویيە. فەرشە فڕیووەکەی سەردەمی عەباسییەکان، لە لایەك پێدەچێت ئیلهامبەخشی داهێنانی گسکی فڕیووی جادووگەران بێت لە خەیاڵی ئەورووپیدا کە مەسیحییەت و زانست پێکەوە سەرکوتیان دەکەن، لە لایەکی تر ئیزافەکردنی سیفەتی فڕین، وێناکردنی ئامێرێك نییە کە توانای فڕینی هەبێت؛ بەڵکو پتر لە پەیوەندیدایە لەگەڵ قووڵایی مرۆڤدا، لەگەڵ کۆدەکانی عاتیفە و هەستی مرۆڤدا کە پێیان دەکەوێتە جووڵە، بۆ نموونە ڕەنگە بەهرەیەکی تەواو عاشقانەی نهێنی لە دروستکردنیدا بەکارهێنرابێت، بە تایبەتیش کە ئێمە دەزانین هونەری فەرش چنین لە کولتووری ئێرانیدا هەمیشە گرنگییەکی تایبەتی هەبووە. لێرەدا فەرشە فڕیووەکەی سندباد لە خەیاڵی ڕۆژهەڵاتیدا دەکەوێتە بەرامبەر خەیاڵی زانستیی دەفری فڕیووەوە کە دوو وێنای جیاوازن بۆ *ئەو شتەی کە دەفرێت* لە

دوو باكگراوندی دەروونی و مێژوویی ناچوونیەكەوە. فەرشەكەی سندیباد پەیوەستە بە هێڵی هەڵهاتنی كۆچەرییەوە، لە كاتێكدا دەفری فڕیووی خەیاڵی زانستیی ڕۆژئاوایی پتر بەرهەمی زینۆفۆبیا و خواستە ئیمپریالیستییەكانە. لە قوناغێكی دیكەدا پیاوێك ئارەزووی فڕین لەنێو تاقمێكی داهێنراودا ئەزموون دەكات كە نە جووتێك باڵی خەیاڵییە و نە جادووە و نە ئامێرێكی "بێرۆح و گیان"یشە؛ *ئەو خۆی دەكات بە باڵندە*، واتە خۆی وەك مرۆڤێك لە پێكەوەبەستنێكدا لەگەڵ هەندێ بەشی تردا كۆدەكاتەوە و تاقمی فڕینی عەباسی كوڕی فیرناس پێكدەهێنێت. ئەم تاقمە كە مرۆڤ خۆی لەنێو سەنتەرەكەیدایە، نەك سواری ببێت، پتر كۆكە لەگەڵ عیرفانی ڕۆژهەڵاتیدا، بەڵام لەوێدا لە عیرفانیش جودا دەبێتەوە كە عەباس دەیەوێت بە واقیعی بفڕێت و بۆ ئەمەیش ناچارە مامەڵە لەگەڵ یاساكانی فیزیادا بكات. لێرەدا ئەزموونە تاقانەكەی عەباس لە عەقڵی ئامێریی ڕۆژئاوایی جیاوازە كە فڕۆكەی داهێناوە. عەباس دەیویست خۆی توانای فڕین بەدەست بهێنێت، نەك لەنێو شتێكدا دانیشێت و شتەكە بفڕێت. تەكنۆلۆژیا بریتییە لەمە: دروستكردنی كەرەستەگەلێككە لە بری ئێمە كارەكان بكەن و ئێمە سوودیان لێ وەربگرین، بە مانایەكی تر، تواناگەلێك بەوان ببەخشین كە ناتوانن بە خۆمانی ببەخشین. ئەمە لە هۆشی دەستكرددا دەگات بە خاڵێكی لابەلابوونەوە، كە چیتر ئەوە "شتێكی ڕووت" نییە، بەڵكو تەكنۆلۆژیایەكی هۆشمەندە كە هۆمۆساپیەنس بە جۆرێك دایهێناوە و خستوویەتییە سەر ڕەوتێكی پێشكەوتن كە ڕەنگە لە داهاتوودا مەخلوق شوێن بە خالقەكەی خۆی لێژ بكات.

٣. لە دوای كەوتنی ژیاری ئیسلامی بەدەستی مەغۆلەكان و پاشان پاشەكشەكەی لە بەرامبەر شارستانێتی ئەورووپیدا، جیهانی ئیسلامی پتر دەچێتەوە خۆی و تا ڕادەیەكی ترسناك نەریتی دەبێتەوە؛ ئیدی نەك تەنیا دژ بە هەموو پرۆژە ڕۆشنگەرەكان دەوەستێتەوە، بەڵكو ئەو هەوڵە كەمانەی پێشتریش لەنێو دەبات كە لە ئەدەبیات و زانست و تەكنیكدا دەكرا ببن بە بناغەی هەنگاوەكانی دواتری داهێنانی ژیاری، لە كاتێكدا لە لاكەی تری دنیا، گەشەی زانستی بۆ ماوەی پێنج سەد ساڵ بەردەوام دەبێت و بە بردنەوەی لە شەڕی كۆنزەرڤەتیڤەكاندا، لە لایەك گۆڕان لە جیهانبینیی مرۆڤی ئەورووپاییدا وەدیی دێنێت و لە لایەكی تر لە تەكنۆلۆژیای سەرسوڕهێنەردا ماتریالیزە دەبێت، كە ڕەنگە جێی شاگەشكەبوون و ترسیش بووبێت (تەنانەت كارەسات و جەنگیشی لێ كەوتوتەوە) بەڵام، بەهۆی ئەوەی هیچ شارستانێتێك نەبوو وا بكات شارستانێتی ڕۆژئاوایی لە بەرامبەریدا شەرم لە خۆی بكات، نەبووە تراومایەكی قورس كە وەها

بەسەر خۆیدا بیشکێنێتەوە لە ناوەوە تووشی پێشخواردنەوەی بکات و سەرجەمی کولتوورەکە بگۆڕێت بۆ نەخۆشێکی نیرۆسی. لە ڕۆژئاوا پرۆسەکە بەرەبەرە گەشەی کردووە و هەنگاوەکان هەندێك ڕۆشن و پێشبینیکراو بوون؛ لە کۆمەڵگەکانی ئێمەدا زانست (کە بە قەولی ڤیبەر بەشێکە لە "لەئەفسووندامالینی جیهان")، خۆی وەك ئەفسوون کەوتۆتەوە، لێرەدا ئەفسوون بە مانای جوانی و مەتەڵێك نییە لە شتەکاندا کە ببێتە بابەتی سەرنجڕاکێشان و شەیداییەکی داهێنەرانە، بەڵکو بە واتای وێناکردنی شتەکانە وەك سیحر و پەرجوو لە دۆخێکدا کە پرۆسە مێژووییەکان لەبەرچاوماندا ڕوون نەبوون، هۆشمان لەگەڵیان ڕانەهاتووە و مەشقی لەسەر پێشبینیکردنی هاتنەی وەها خەیاڵێك نەکردووە. بەم پێیە تراوماکە لە زمانی شیعریدا وەك پەرجوو کەوتۆتەوە. پەرجوو تەنیا فۆرمێکە کە ڕووداو و هیچ تەفسیرێکی عەقڵیمان بۆی نییە، واتە نەك تەنیا هیچ هۆکارێکی ڕوون لە پشتییەوە نابینین، بەڵکو خودی زنجیرەی هۆبەندیی دەترازێنێت. هەروەها پەرجوو فۆرمێکە ئاوەڵا دەبێت بەڵام نازانین ناوەڕۆکەکەی کامەیە؛ بەم پێیەی دالێکە کە هێندە پتەو و بەهێز نییە مەدلولوکەی بگوازێتەوە و ببێتە نیشانە، لەبەر ئەوەی فۆرم خودی دالی پەکخستووە. بە بڕوای ***بارت*** نیشانە دال و مەدلولە، بەڵام دال خۆی فۆرم و مانایە، دال کە دەبێتە فۆرم بە تەنها، ماناکەی هەژار دەکەوێت، دوور دەکەوێتەوە، دەچێتە دۆخی سەرە مەرگ. کەشتیی پرسەفیرەنسی ناسا ئەفسانەیەکە کە بۆتە نیشانە؛ لە کاتێکدا دەتوانین کەشتییەکەی ئیمارات وەك فۆڕمی دالێك ببینین کە ماناکەی بە تەواوی هەژارە و لە دۆخی هەڵپەساردندایە، بەڵام ئەم هەژارییە نامرێت، لە بری ئەوە دەبێتە وزە بۆ بە ئەفسانەبوونێکی لێڵ و ناڕوون کە بەردەوامبوونە لەسەر کرێنی پەرجووی نوێ.

٤. وەسفکردنی داهێنانە تەکنۆلۆژییەکان وەك پەرجوو لای ڕۆشنبیرانی کورد، بە پێچەوانەی گوتاری کینەدۆزیی فەندەمێنتاڵانە بەرامبەر ڕۆژئاوا، واتای ئەوەیە کە گەرچی هیچ تێگەیشتن و ڕاڤەیەکی زانستی بۆ تەکنۆلۆژیاکان لە گۆڕێدا نەبووە، بەڵام نکوڵیشیان لێنەکراوە، بگرە بوون بە بابەتی شەیدایی. دوای ئەوەی لە سەد ساڵی ڕابردوودا سەلەفیزم بەرەبەرە پرۆژە ڕۆشنگەرەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تێکشکاند، پەرجووەکە لەوە لاوازتر کەوت ببێت بە تاسەیەکی مەعریفی بۆ کەشفی زانست. لەم ساڵانەی دواییشدا، تەنانەت کە تەکنۆلۆژیاکانی نوێی بینین دەرفەتی ڕوونبوونەوەی مەتەڵەکەیان ڕەخساند، سەلەفیزم لەوە بەهێزتر بوو ڕێگە بدات سەرسوڕمان بەرامبەر دەستکەوتەکانی زانست بگۆڕێت بۆ پرۆژەی زانستی. فەندەمێنتاڵیزم زەمینەی گونجاوی

خۆی لەنێو زەینی عەوامی ئێمەدا ببینییەوە، زەینێك كە دەرچوونی ستوونی لە زەوی وەك بەرەنگاربوونەوەی خودی ئاسمان دەبینێت، گوایە ئاسمانیش شوێنیی نهێنیی خودایە و ئەم دەرچوونەیش دەبێتە دەستدرێژی بۆ سەر قەڵەمڕەوییەكەی؛ بە تێرمینۆلۆژیی دەروونشیكاریی: ئاسمان هەمان پێگەی ڕەمزیی باوكە كە دەستدرێژیكردنە سەری تابۆیە.

هەر لە درێژەی ئەم شرۆڤە دەروونشیكارییەدا دەتوانین بە تیۆری "سەرهاویشتن" مەریخ لێك بدەینەوە: بە بڕوای *ڕۆلان بارت* لە زەینی مرۆڤی ئەورووپیدا مەریخ دەبێتە كۆپییەكی زەوی، هەمان ئەو جیهانە مرۆییەی كە هەمانە و تێیدا دەژین دەیهاوێژینە سەر مەریخ؛ مرۆڤی كۆن چۆن خودای لەسەر شێوەی خۆی داتاشیوە، ئاوەهایش ئێمە مەریخمان لە شێوەی زەویدا داتاشیووە. مەریخ هەر لە پێشترەوە لە خەونە ئایدیالیزەكراوەكانی مرۆڤی ڕۆژئاواییدا هەیە؛ چونكە مەریخ ناوێكی دیكەیە بۆ "سۆڤییەت"، واتە بۆ جیهانێك كە لە دۆخی جەنگی سارددا، لە ڕوانگەی لیبراڵیزمی ڕۆژئاواییەوە، لە هەر ئامانج و مەبەستێك خاڵییە و پەڵەیەكی ناڕوون و تاریكی سەر بە جیهانێكی دیكەیە لە زەمیندا: بەم مانایە سۆڤییەت دەبێتە ڕووبەرێكی هەڵواسراو لەنێوان زەمین و ئاسماندا. جا بۆ ئەوەی ئەم "ئەوی تر"ەی مەریخ لە ئەوی ترێتیی بخرێت، لەسەر شێوەی زەوی دروست دەكرێتەوە، تەنانەت لە ڕووی ئایینیشەوە دەخرێتە نێو ئامێری كۆپیكردنەوە. بارت باس لە بابەتێكی ڕۆژنامەی *Le Progress de Lyon* دەكات كە وا بڵاویكردۆتەوە دانیشتوانی مەریخ كریستیانن و مەسیحی خۆیان و پاپای خۆیشیان هەیە، خۆ ئەگەر وا نەبووایە نەیاندەتوانی ژیارێك پێكبهێنن كە توانای بەرهەمهێنانی دەفری فڕیووی هەسارەبڕی هەبێت؛ بە گوێرەی ڕۆژنامەكە ئایین و پێشكەوتنی تەكنیكی هەمان چاكەی ژیاریی پێكدەهێنن و ئەگەر ئەو بوونەوەرانە بتپەرست بن ئەوا ناتوانن بگەنە لای ئێمە. بە لای بارتەوە فیكری ڕۆژئاوایی فیكرێكی "هاوشێوەساز"ە؛ لەنێوان ڕەگەز و جۆرە جیاوازەكاندا هاوشێوەیی پێوانەیی پێكدەهێنێت، بەڵام لەژێر نیگای سێیەم و بە هاوكاریی باڵاكردنەوەیەكی نێوانگیر كە لە ململانێی ویلایەتە یەكگرتووەكان و سۆڤییەتدا ئەم نێوانگیرە ئاسمانە. دەفرە فڕیووەكان خەیاڵكردێكی زەمینییە و ڕەنگە بەدەر نەبێت لە دارشتنی ئەنقەست بە مەبەستی ترس و تۆقاندنیش، بەڵام لە ڕێڕەوێكی كەوانەییدا وێنا دەكرێت كە لە پنتە بەرزەكانەوە بەرەو خوارەوە لێژ دەبێتەوە؛ یەكەمجار دەنێردرێتە ئاسمان و دواتر لەوێوە دێتەوە بۆ سەر زەمین. ئەوە ئێمەین دەمانەوێت بە كەشتییەكانمان بچینە فەزا و سەر ئەستێرەكانی دیكە و ئەوە فەزاییەكانن لە خەیاڵی زانستیماندا لەسەر

زەوی دادەبەزن. لە ڕۆژئاوا هەموو ڕەگەزە زانستی و مێژوویی و زەینی و دەروونی و سیاسییەکان ئامادەن تاوەکو خەڵکی بە ئاسانی نەك بڕوا بەوە بهێنن کە دەتوانین بچنە دوورترین گەلە ئەستێرە، بەڵکو دەتوانن بڕوا بە پێچەوانەکەیشی بهێنن، واتا بوونی بوونەوەرانێکی ئێجگار پێشکەوتووتر کە هەژموونیان لەسەر کەشکەشانەکانی دیکە کردووە و دەتوانن لە هەر ساتێکدا بێت لەسەر زەوی دابەزن؛ ئەمە خەیاڵی خودی مرۆڤی خۆرئاواییە دەرهەق بە خۆی؛ واتە داگیرکردنی فەزا و کەشکەشانەکان ئامانجی ناوەکیی خودی ژیاری ڕۆژئاواییە کە ئاسمانیی کراوەتەوە و دراوەتە پاڵ بوونەوەرانێکی خەیاڵیی وەك مەریخییەکان. ئەم تەکتیکە لە ئاستی یەکەمدا هەمان فێڵی نا-ئاگایانەی سەرهاویشتنی فرۆیدییە کە لایوایە ئێمە نیازە نائاگایانەکانمان، خواستە شەرەنگێزەکانمان دەدەینە پاڵ مردووەکان، یان ڕۆحە خەیاڵییەکان.

٥. شۆکی بەرکەوتنی سەرەتاکانی جیهانی ئیسلامی بە مۆدێرنەی ڕۆژئاوا، کە پتر تراومایی کەوتەوە، لە دواتردا بە دوو ئاراستەدا کاریگەریی دانا: لە لایەك لێوەی گوتاری دژە-ڕۆژئاوایی پەرەی سەند؛ لە لایەکی تر کارکردن بۆ ئاساییکردنەوەی شۆك و تراوماکە لە ئاستە فەرمییەکاندا، بە هەوڵدان بۆ تێگەیشتنی کرچ و کاڵ لە زانست و هاوردەکردنی فۆرمەکان و پەرەدان بە مۆدێرنیزمێکی ڕووکەش، بەمەیش پڕکردنەوەی مەحاڵی کەلێنی پێشکەوتن لەنێوان شارستانێتی ئیسلامی و ڕۆژئاوادا. لە سەدەی بیستدا گوتاری یەکەم پتر لەو دەوڵەتانەدا هەژموونی هەبوو کە جاری دژایەتیی ئیمپریالیزمی ئەورووپیان دا، بە تایبەت کە سۆڤییەتیش وەك دکتۆر نا، بەڵکو وەك پەرستار و برینپێچ بەو ناوەدا دەسووڕایەوە. لە دوای ڕووخانی سۆڤییەتەوە هەندێك لە وڵاتانی ئیسلامی لە ئاستی فەرمیدا، بە تایبەت کەنداو، خۆیان بە گوتاری دووەمەوە لکاند: دۆستایەتیی ئابووریيانە لەگەڵ ڕۆژئاوادا و ڕووکەشگەرایی ساختە لە کایەی بیناسازی و گەشتیاریدا بە لاساییکردنەوە یان هاوردەکردنی هەندێ لە دەستکەوتە ماتریاڵییەکانی ڕۆژئاوا؛ بۆ نموونە کڕینی کۆپییەکی مۆزەخانەی لۆڤەر لە ئەبوزەبی. گالیسکەی "الأمل" بەشێکە لە هەمان زۆر بوونی زرە-وێنە لە جیهانی نوێدا. گەشت بابەتێکە بۆ زرەوێنە؛ ئەوەی لە جیهانی نوێدا دەکرێت وێنەیە. بەم واتایە پرۆژەکەی ئیمارات فۆرمێکە، وێنەیەکی لەبەرگرتنەوەیە کە ناوەڕۆکەکەی زانست نییە و بگرە هیچ ناوەڕۆکێکیشی نییە، فۆرمێکە تەنیا وەك فۆرم کردراوە و ناتوانێت "ئومێد/امل"ی شتێکی میتۆدی بێت؛ لە لایەکی تر جگە لە خواستێکی سیاسیی بنەماڵەی سەرمایەداری ئال-مەکتوم، سەرجەم ئەو

ڕەگەزانەی دیکە لە جیهانی ئیسلامیدا ئامادەنین کە دەبنە سیاقێکی گشتی بۆ گەشتێك بەرەو مەریخ، واتە هیچ ناوکۆییەکیشی نییە. ئەو لێکۆڵینەوە زانستییانەی ئەم کەشتییە دەیانکات و ئەو داتایانەی کۆیان دەکاتەوە، پێناچێت شتێکی هەستیاری وەك لێکۆڵینەوەیەکی تەواونەکراو، مەراقێکی مرۆیی، ئەڵقەیەکی ونبووی زنجیرەیەك ئیکتیشافی زانستیی عەرەبییان لەسەر بەند بێت، هەر لەبەر ئەمە خۆیشی لەسەر هیچ شتێك بەند نییە، کەواتە دەشێت لەسەر هەر شتێکیش خۆی دابکوتێت؛ بەم واتایە، گەرچی ئۆرگازمێکی زانستی لە ئارادا نییە، بەڵام ئەمە بەو واتایە نییە هیچ کاریگەرییەکیشی نییە. دەکرێت هەر ڕەوتێك دەست بۆ گەشتەکەی ئیمارات ببات و هیچ دوور نییە لە داهاتوودا بیری توندڕەوی ئیسلامی وەك چۆن هەوڵی دەستخستنی ئەتۆم و چەکی بایۆلۆژی دەدات، ئاوایش دەست بەسەر گەشتی ئاسمانیدا بگرێت؛ یانیش بە پێچەوانەوە، ئەم هەنگاوەی ئیمارات ببێتە مایەی سەرپێکەوتنی پرۆژەیەکی ڕۆشنگەریی زانستی، گەرچی لە هەلومەرجی نزیك مەودادا ئەمە مەحاڵە. بێگومان دامەزراوەی ئاسمانی ئەمریکی بەشێکە لە تۆڕێکی گەورە، بۆیە ڕیشی ناسا هەزار جادووی پێوە ئاوێزانە و وەختێك دەچێتە سەر مەریخ کۆمەڵێك پرسی دیکەی پێ یەکلایی دەکاتەوە کە نەك تەنیا چارەنووسی ئەمریکا، بەڵکو داهاتووی جیهانیشیان پێوە بەندە؛ بەڵام گەشتە عەرەبییەکان لایەنیکەم لەم هەوڵە بەراییانەدا بێ هیچ بنکێکی تایبەت دەمێننەوە و ناچارن خۆیان بە تۆڕە جیهانییەکەوە بلکێنن. وێڕای نەبوونی ئەم ناوکۆییەیش، هێشتایش ملیۆنان دۆلار لە وەها پرۆژەیەکی مەزن و سەرکێشانەدا خەرج دەکرێت، چونکە بۆ کەنداو بابەتەکە پەیوەستە بە خودی "پارە"وە کە لە خووریی نەوت و گەشتیارییەوە هەڵدەقوڵێت، لە کاتێکدا وەها بابەتێك بۆ ڕۆژئاوا جووڵەی ئارەزوویەکی سیاسیی ئیمپریالیزمی گەردوونییە کە دەکرێت لە ئاسمانیش لە شێوەی ئیمپراتۆرییەتدا خۆی جێگیر بکات. ئەم ئارەزووە ئیمپریالیستییە، لە مێژوودا هەرگیز هێندەی ئەمڕۆ لە نەقس دوور نەبووە. ئێستا خووریییەکی ئارەزووە کە بە تێکەڵبوونی لەگەڵ خوریی تەکنۆلۆژیادا دەچێتە سەر هێڵێك بەرەو دەرەوەی زەمین؛ بەمەیش تواناکانی دەسەڵات تا ئەوێ ڕادەکێشێت و جێگیر دەکات. مەریخ چیتر نە سەبلایمە و نە سەرهاویشتنی فرۆیدۆ-بارتی؛ بەڵکو ڕووبەرێکە بۆ بەقەڵەمڕەوییکردن، بۆ بیناکردن و دامەزراندن لەنیو ئیمپرتۆریەتەکانی وەکو ئەمریکا و چین و ڕوسیا. کەنداو فیچقەکردنی پارەی هەیە، ئەم سەرێژکردنەی پارە، بە زمانی **دۆلۆز** "خووریی نەختینە"یەکە کە بەرەو ئارەزووی نوێ و نوسان بە ماشێنی دیکەی

ئارەزووەوە شەپۆل دەدات، بۆیە بە خووریی تەکنۆلۆژیای ڕۆژئاواوە دەلکێت و هەردووکیان لە گەشتێکدا بەرەو ئاسمان تێکەڵ بەیەکتر دەبن.

٦. بیرمەندی عەرەبی ***فەتحی مسکینی***، لە وتارێکی کورتدا بە ناونیشانی "نەرسیس و نابوود"، ئەم پرسیارەی وروژاندووە: "بۆچی ڕقمان لە خۆمانە؟" وەڵامەکەی مسکینی پتر ڕەخنەی فەلسەفی شوناسەکە دواجار لە کەوشەنی خودی شوناس تێناپەڕێت. ئەو لە سەرەتای وتارەکەیدا جیاوازییەك لەنێوان *بینین لە ئاو* و *بینین لە ئاوێنە*دا دەکات. هەندێك لە گیانەوەرانی وەکوو ئەسپ و فیل و وشتر لەوە دەترسن لە ئاوێك بخۆنەوە کە بۆتە ئاوێنە، نایانەوێت وێنەی خۆیان لە ئاوی ڕوون و مەنگدا ببینن، بۆیە، بە پێچەوانەی وەسێتەکەی سوهراب سوپهەرییەوە کە داوامان لێ دەکات ئاوەکە لیخن نەکەین نەکا لەو خوارەوە گیاندارێك ئاوی لێ بخواتەوە، گیانداران خۆیان بەر لەوەی لێی بخۆنەوە، لیخنی دەکەن و لەوەی دەخەن ئاوێنە بێت؛ بەم جۆرە ئەوان وا ئاسوودەترن لە کاتی بینگرتن لە ئاوەکە وێنەی خۆیان لەبەرچاو نەبێت. لە دۆخی لیخنیدا، ئەو وێنەیەی بەسەر ڕووی جووڵاوی ئاوەکەوە یاریی دەکات و لەنێو لێڵییەکەدا بە ئاستەم دەردەکەوێت، وێنەیەکی تەواو هاوشێوەی ئەو بوونەوەرە نییە کە بەسەرییەوەیە. ئاوێنە، لە فۆرمە ماتریاڵییە ڕەقهەڵاتووەکەیدا، لەبەر ئەوەی ڕووکارێکی پتەو و وەستاوی هەیە لێڵ ناکرێت، کەوایە بوونەوەرەکەی بەردەمی دووبارە دەکاتەوە؛ وەستان لەبەردەم ئاوێنەدا خۆ-پاتەکردنەوەیە کە لە فەلسەفەدا بە بنەمای شوناس پێناسە کراوە؛ یاخود ئایکۆنەیە کە ئەسڵ لە وێنەیەکی تەواو هاوشێوەدا پێکدەهێنێتەوە. ئاوێنەی نەرسیست، تەڵەیەکە کە عاشقی خۆتت دەکات؛ بەڵام لەوەیش سەیرتر ئەم عەشقە تێکەڵ بە هەستێکی قووڵی ترسیشە بەرامبەر بە خۆت؛ چونکە وردەکارییەکانی خۆت و هەموو گۆڕانەکانی ڕوخسار و لەشولارت پیشان دەداتەوە؛ بەو مانایەی تەنیا جوانی نا، بەڵکو ناشیرینییەکانیشت بە ڕاشکاوی دەخاتە بەرچاو. لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئاوێنەییدا بەشێکمان دەردەکەوێت کە ڕقمان لێیەتی و نامانەوێت ببینین، بەم پێیە ئاوێنە توانایەکی پارادۆکسیکاڵی وەرزکەری تێدایە کە هەم دەتوانێت وەك نەرسیست عاشقی جوانییەکەی خۆتت بکات و هەمیش وات لێ بکات وەك نابودێك ناشیرینییەکانی خۆت ببینیت لە کاتێکدا ناتەوێت بیانبینیت (بۆ نموونە فۆکۆ باس لە ئەزموونی وەرزکەری خۆبینینی دوای لەخەو هەستانمان لە بەیانیاندا دەکات)، بەڵام دوای بینینیان بۆمان دوور ناخرێنەوە، لێرەوە بینینەکە دەبێتە کینە بەرامبەر بە خۆمان. بە لای مسکینییەوە، ئەم دەرکەوتنەی ناشیرینی لە ئاوێنەدا، ئەزموونێکی نێگەتیف نییە،

بەڵکو پۆزەتیڤە، بۆیە ناتوانین (یان نابێت) وەلای بنێین. ناشیرینی واتە "ئەوی تر" لە ئێمەدا؛ ئەم **ئەوی ترە** بەشێکی دانەبڕاوە لە شوناسمان، بۆیە بینینی ناشیرینییەکانمان لە ئاوێنەدا ئەزموونێکی سەختی شێوازی ڕووبەڕوونەوەی ڕیشەییە لەگەڵ خۆماندا. بەم پێیە ئێمە دزێوییەکانمان بۆ نێو دوورگەکانی نەست نەفی ناکەین، بەڵکو دەیکەین بە بنەمای ئەنتۆلۆژیی بوون و تێگەیشتن لە خۆمان. هیچ شوناسێك نییە لە کینە بەرامبەر بە خۆ خاڵی بێت، چونکە ئەمە بە شێوەی ڕیشەییتر پەیوەستە بە خودی ئۆنتۆلۆژیایەکەوە کە **ئەوی ترێکی** نەخوازراو لە خۆیدا دەبینێت و ناچارە مامەڵەی لەگەڵدا بکات.

مسکینی گەرچی بیرمەندێکی قووڵە و شارەزاییەکی فروانی لە فەلسەفەدا هەیە، پێم وایە شرۆڤەکەی بۆ پرسی شوناس و **ئەوی تر** دواجار هەر لە بەرژەوەندی سوبێکت دژ بە **ئەوی تر** تەواو دەبێت، بە تایبەت کە ویستویەتی مانایەکی تەواو پۆزەتیڤ بە ئەزموونی ئاوێنە بدات. لە شرۆڤەکەی ئەودا، ئەو **ئەوی ترەی** لە ئاوێنەدا دەردەکەوێت، هەر ***ئەوی تری خۆمـ***ە، ناشیرینیی **منـ**ە کە ڕەنگە ببێتە مایەی ئەوەی ڕقم لە خۆم بێت، بەڵام بۆ ئەوەی دەست بە شوناسی خۆمەوە بگرم، ناچارم بیکەم بە بەشێکی سەرەکیی بوونسازییەکەم. لێرەوە، لە ڕوانگەکەی ئەودا (لایەنیکەم لەو وتارەیدا) ڕێگا نادرێت هیچ **ئەوی ترێکی** ڕادیکاڵ دەربکەوێت کە لە دەرەوەی کەوڵی سوبێکت بێت تاوەکو سوبێکتیش لە کەوڵی خۆی بهێنێتە دەرێ. لێرەدا **ئەوی تر** هیچ بەشدارییەکی لە ئەزموونی ئاوێنەدا نییە، مەگەر وەك **ئەوی ترێك** بۆ **من**. بە مانایەکی تر، **من** وەڵامی **ئەوی تری** دەرەوە ناداتەوە، بەمەیش دەستی دەبێت لە مەرگیدا. بە کردنە دەرەوەی **ئەوی تری** دەرەوە، شوناس بەسەر خۆیدا دادەخرێت و وەك ئاوێنە ڕەق هەڵدەگەڕێت. گەر وا بێ لێڵکردنی ئاوەکەی نەرسیس پێویستە، تا بتوانێت سەر هەڵبڕێت و ئیگۆ ببینێت. لێرەدا ئاوی لێڵ لە پێناو **ئەوی تر**دا، یان ئاوێك کە **ئەوی تر** لێڵی کردووە، خۆی ماناکەی لە ئاوێنە پۆزەتیڤترە.

لۆرکا لە شیعرێکیدا دەربارەی ئاوێنە دەڵێت:

*لەودیو هەر ئاوێنەیەکەوە*

*ئەستێرەیەکی مردوو هەیە*

*[...]*

*ئاوێنە کانییەکی مۆمیا کراوە*

*وەکوو سەدەفی ڕووناکیی ئەوان*

*بە ڕووی خۆیدا داخراوە..*

٧. دوای تێپەڕبوونی ڕۆژئاوا بە ئەزموونەکانی فاشیزم و ڕاسیزمدا، سەنتراڵیزمی ئەورووپی زەبری قورسی ڕەخنەیی بەرکەوت و لەسەر بنەمای وەڵامدانەوەی پرسیاری "بۆچی ڕقمان لە ئەوانی ترە؟" فەلسەفە ئیگۆیستییەکان لەبەرامبەر فەلسەفە و ڕەوتە **ئەوی ترخوازەکان**دا پاشەکشەی گەورەیان کرد؛ لە ڕووی واقیعیشەوە وڵاتانی ڕۆژئاوا ناچاربوون هەنگاوی پراکتیکیی گرنگ بنێن بۆ پێشوازیی کردن لە **ئەوی تر**، گەرچی ئەم هەنگاوانە بەو ئەندازەیە نەچوونە پێشەوە کە جارێکی تر ئەمڕۆ دەستکەوتەکانی ئەو خەباتانە لەژێر هەڕەشەدا نەبن. جیهانی ئیسلامی هەرگیز ئەزموونێکی نا-نەرسیستی نەکرد و ڕۆشنبیرانی وەکوو عەبدولوەهاب موسیری و فەتحی تریکی لە دەیەکانی ڕابردوودا بەرجەستەترین نوێنەری نەرسیزمی ئیسلامی و کینەدۆزیی بەرامبەر ڕۆژئاوا بوون. حاڵی حازر پرسیاری گرنگ و سەرەکی بۆ جیهانی ئیسلامی ئەوەیە کە بۆچی ڕقی لە **ئەوی تری** خۆرئاواییە؟ دنیای ئیسلام جگە لەوەی وەك نەرسیس بۆتە ئەسیری وێنەی خۆی بێ ئەوەی چیتر بزانێت جوانە یان ناشیرین؛ هاوکات بەدەم پەرەدان بە کینەوە لە **ئەوی تر** خەریکی پاسەوانیکردنە لە شوناسە ئاوێنەییەکەی. ساڵانێکی زۆرە لە ئاوێنەکەیدا ئەوی ترەکانی خۆی (واتە دزێوییە زۆر و زەبەندەکانی) زەقوزۆپ بە بەرچاوییەوە دەرکەوتوون، بەڵام هەرگیز نەیکردوون بە بنەما بۆ دەستکاریکردنی ئۆنتۆلۆژیاکەی؛ ئەو عاشقی ناشیرینییەکانی خۆی بووە و نایشیەوێت لە ئاوەکە وەك ئاو، واتە وەك ڕووبەرێك بۆ لێڵکردن، تێبگات؛ بۆیە لە ئێستادا ئاوێنەکەی لە دۆخی ورد و خاشبوون و هەلاکەتێکی تەواودایە. ئەوی ترەکانی دەرەوەیشی گۆڕیووە بۆ دوژمنانی پیلانگێڕ و ئاژاوەچی و فیتنەباز، گوایە ئەوان بەرپرسن لە داغانبوونی دنیای ئیسلام، لە داڕزانی کۆمەڵگەی موسوڵمانان. ئەم دوژمنسازییە چالاکانەیە کە خۆی بەرهەمی پاسیڤیزمێکی ڕەبەقە، هەمان "هاوشێوەسازی"ی نێو فیکری ڕۆژئاوایی نییە. ڕەنگە بەرهەمهێنانەوەی وێنەی مەریخ لەسەر شێوەی زەوی، بەو جۆرەی بارت باسی دەکات، لە دەروونشیکارییەوە نزیك بێت (مەریخ سەبڵایمی زەوییە.)، بەڵام تەنانەت لە ئاستی ئۆنتۆلۆژییشدا، هاوتاکردنەوەی **ئەوی تر** لەگەڵ خوددا، واتە پرۆسەی هاوشێوەسازی، پێشمەرج بووە. وەك ***لیڤیناس*** شرۆڤەی کردووە، لە فیکری ڕۆژئاواییدا ئۆنتۆلۆژیا هاوتاکراوە بە عەقڵ، عەقڵیش لە مەعریفەدا کورت کراوەتەوە کە هەمیشە ئیگۆیەك هەڵگرییەتی. ئیگۆی ڕۆژئاوایی بۆ ئەوەی مامەڵە لەگەڵ هەر **ئەوی ترێك**دا بکات، دەبێت سەرەتا ئەوی ترێتییەکەی لێ دابماڵێت و ئەو فۆرم و کۆدانەی پێ ببەخشێت

کە خۆی دەتوانێت بیانناسێتەوە. ئیگۆ لە ئاوی لێڵی ئەویتر دەڕوانێت، بەڵام تەنیا بۆ ئەوەی ئاوەکە سازگار ببێتەوە و لە ڕووونیدا خۆی تێدا ببینێتەوە. لە ڕۆشنایی ئەفلاتوونییەوە تاوەکو لۆگۆس وەك "نەپۆشان" لای هایدیگەر، بە تێپەڕین بە ڕوونیی میتۆدیی دیکارتی و پوختێتی کانتیدا، سازگاری و ڕوونی بنەڕەتی مەعریفەن کە زێدی ئەسڵیی سوبێکتە. فیکری ڕۆژئاوایی لە پێگەی زاڵێتییەوە، تەنیا **ئەوی تری** بۆ پشتی ئاوێنەکان نەفیی نەکردووە، بەڵکو کردوونی بە ئاوێنەی خۆیشی، وێنەی **ئەوی تری** لەگەڵ وێنەی خۆیدا هاوتا کردوەتەوە؛ لەم پرۆسە هاوتاکارییەدا ئیمتیازات و موڵکەکانی خۆی نابەخشێت بە **ئەوی تر**، بە پێچەوانەوە، وێنەی **ئەوی تر** لەژێر وێنەی خۆیدا ون دەکات. بە زمانی لێڤیناس ئەمە شانشینی ئیگۆیە، هەمان ئەو شتەی ئەو ناوی دەنێت "تۆتالێتی". وەختێك ئەم شانشینە لە زەوی دەچێتە دەرەوە، بەو جۆرەی هەندێ لە فیلمەکانی هۆلیوود وێنایان کردووە، ئەوا دەبێتە ئیمپریالیزمی گەردوونی. مەریخ تا چەند دەیەیەك لەمەوپێش ناوێك بوو بۆ "ناکۆتا"، ڕۆژئاوا دەیویست ڕایبکێشێتە نێو تۆتالێتییەوە، لەبەر ئەوە دەبوو بیکات بە سەبلایمی زەوی، دەبوو بوونەوەری هۆشمەندی لێ بێت، مەسیحیان هەبێت، کەنیسەیان هەبێت، دەفری فڕیوویان هەبێت. ئێستا چیتر مەریخ کۆپییەکی دەروونیی زەویی نییە، بەڵکو پانتاییەکی واقیعییە کە زەمینی بۆ ڕادەکێشرێت، واتە لە ڕێگەی کەرەستەکانی گواستنەوەوە وەك شوێن دەدرێت بەدەم زەوییەوە کە ئەگەر شتێکی لێ جێگیر بکرێت، ئەوا ئەو شتانەیە کە ئیمپرتۆرییەتەکان دەیانەوێت لەوێ دایبمەزرێنن.

٨. ئاکاری کینەدۆزیی جیهانی ئیسلام بەرامبەر بە ڕۆژئاوا، لە سەدەی ڕابردوودا لە سێ گوتاری جیاوازەوە پەرەی سەند. یەکەمیان گوتاری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی، دووەم گوتاری ئینتەرناسیونالی سۆسیالیستی، سێیەم گوتاری ئیسلامی سیاسی. لە سەردەمی ئیمپریالیزمدا گوتاری ناسیونالیزم بە ماوەیەکی کەمتازۆر چالاکانەی خەباتدا بۆ سەربەخۆیی نەتەوەیی لە دەستی دەوڵەتانی ئیمپریالیستی تێپەڕی. لە ڕووی پرەنسیپەوە، خەباتکردن دژ بە دەوڵەتانی داگیرکەر، کە لە سەدەکانی ڕابردوودا دەوڵەتە ئەورووپاییەکان بوون، نەك تەنیا ڕەوایە، بەڵکو دادپەروەرانەیشە. لەگەڵ ئەمەیشدا، گوتاری ناسیۆنالیزم وەك هەر خەباتێك، جۆرێك لە ڕقی تایبەتیشی بەرهەمهێنا کە گەر تەنیا لە ئاستی واقیعە مێژووییەکەی خۆیدا بمایەتەوە، ڕەنگە شایەنی کاڵبوونەوە بووایە. بەڵام لەپاڵ ئەمەوە گوتارێکی سەروو-نەتەوەییش لە ئارادا بوو کە پتر سەر بە

سۆسیالیزمی سۆڤییەتی بوو دژ بە دەوڵەتانی سەرمایەدار، هەمان دەوڵەتانی ئیمپریالیست. ئەوەی کێرڤی کینەی دژ بە ڕۆژئاوا زۆر بردە سەرێ، شکستی پرۆژەی ڕۆشنگەری عەرەبی و دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل بۆ جووەکان بوون کە دەرفەتیان ڕەخساند بۆ بەهێزبوونی گوتاری تەوژمە ئیسلامییەکانی وەکو ئیخوانیزم و خومەینیزم بوو تاوەکو گەیشت بە قاعیدە و تالیبان و داعش. ئیسلامییەکان لەنێوان گوتاری نەتەوەیی لۆکاڵی و گوتاری سۆسیالیستیی جیهانیدا، دەستیان بە ژیاری ئاینییەوە گرت و بە شێوەیەکی شارەزایانە دوو گوتارەکەی دیکەیشیان لە خزمەتی ئامانجی خۆیاندا بەکار هێنا. ئەوان ئیمپریالیزمیان وەك درێژەی شاڵاوی خاچپەرستەکان لێکدایەوە و هاوکات نەزمێکی گەردوونیشیان دارشت کە (وەك پێشتریش کرابوو) بانگەشەی ئەوەیان دەکرد بۆ هەموو کات و سەردەمێك دەبێت، بۆ نموونە ئەوان "عەدالەتی عومەر"یان خستە بەرامبەر عەدالەتی کۆمۆنیزمەوە، چەمکی شورای ئیسلامیيان بەرامبەر شورا سۆسیالیستییەکان ڕاگرت. وێڕای ئەوە، ئەم سێ گوتارە، بە پێچەوانەی ڕوانگەی باوەوە، تەنیا یەکترییان لە بەرامبەر داگیرکەری- سەرمایەداری-بێ دییندا لاواز نەکرد، بەڵکو وزە و کەرەستە و زاراوەیشیان بە یەکتر بەخشی؛ لەبەر ئەمەیە بۆ نموونە چەمکی ئیمپریالیزم لای هەر سێ گوتارەکە هەیە؛ ڕەخنەیش لە سەرمایەداری لای هەرسێکیان؛ بەڵام بێگومان جیهانبینییان بۆ حوکمڕانی لە یەکتری جیاواز بوون. لە دوای سەربەخۆیی هەندێ وڵاتان و شکستی دەوڵەت نەتەوەکان لە دابینکردنی ژیانێکی شایستە بۆ هاووڵاتیان، لە لایەکی تر لەدوای خاوبوونەوە و پاشان کەوتنی بلۆکی کۆمۆنیزم، هەلێکی گەورە بۆ ڕەوتە ئیسلامییەکان هاتە پێشەوە کە خۆیان لەنێو کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا بەهێزتر بکەن و گوتاری دژە-ڕۆژئاوایی بۆ ئاستێکی ترسناکی کینەدۆزانە پەرە پێ بدەن، کە چیتر تەنیا نکوڵیکردن لە ڕۆژئاوا نەبوو لە بەرامبەر پرسی ئیماندا، بەڵکو نکوڵیکردن بوو لە زۆربەی ڕواڵەتەکانی شارستانێتی ڕۆژئاوایی، هەر لە دەستکەوتە زانستییەکانەوە تاوەکو شێوازی جلپۆشین و خواردن؛ ئەم گوتارەیشیان لە ڕێگەی خودی تەکنۆلۆژیای ڕۆژئاواییەوە پەرەپێدا کە وەك پێشتر باسمان کرد، هیچ کات بە شێوەیەکی ڕاستەقینە دژایەتیی نەکراوە. کاری هەرە ترسناکی ئیسلامییەکان ئەوەبوو چوونە نێو کایەی کۆمەڵایەتی و ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە، واتە دابەزینە نێو زەمینێکەوە کە هەموو گوتارەکان جێیان هێشتبوو؛ لەوێوە کاریگەرییان لەسەر زەین و زمانی خەڵکی دانا و بگرە لە بری دەستگرتن بەسەر دەسەڵاتدا یان لە بری بەرهەمهێنانی گرووپێکی فەناتیك، سەرجەمی کۆمەڵگەیان بەرەو فەناتیزم برد، بەمەیش تارادەیەکی زۆر

مامەڵە فەرمییەکانی دەوڵەتانی ئیسلامی (بۆ نموونە ئیمارات)یان لەگەڵ ڕۆژئاوادا بێبایەخ کرد. نکوڵیکردن لە چوونە سەر مانگ و مەریخ، یان تیۆرەی زەوی تەخت، بۆ ئیسلامییەکان چیتر پرسێکی زانستی و داتایی نییە، بگرە مەسەلەیەکی ڕووتی ئیمانیش نییە، بەڵکو بەرهەمهێنانی گەمژەیەتییەکی دەمارگیرانەیە لە ئاستە هەرە کۆمەڵایەتی و ڕۆژانەییەکەی خەڵکدا کە تێیدا ئیسلامیزم تابێ زیاتر ئاسۆییانە داگیری دەکات و شاقوولیانەیش بەنێویدا ڕۆدەچێت، لەم دوو ئاراستەیشەوە خولەك بە خولەك دەتوانێت دژ بە هەر ڕواڵەتێکی پێشکەوتن و کرانەوە فۆرمولەی بکاتەوە.